**دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان**

**ژمارە : ٤٣/٣ لە ٢٠١٦/١١/٣**

**پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (پێنج/هەشتەم - ١) وە ماددەی (بیست و چوار/ دووەم) لە یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ ئەم ڕێنماییانەمان دەرکرد:-**

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنماییەکانی ئاشکراکردنی ئەستۆی دارایی

**ماددە (١):-**

**مەبەست لەم ووشەو دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە :-**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.**

**دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێم.**

**سێیەم: دەستە: دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان - عێراق.**

**چوارەم: سەرۆکی دەستە: سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان - عێراق.**

**پێنجەم: ڕاسپێردراو: کەسی پابەندکراوە بە ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان پاڵپشت بە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.**

**شەشەم: ڕاسپێردراوی خاوەن وەزیفەی کاتی: ئەم ڕاسپێردراوەیە کە هەڵدەبژێردرێ یان دادەمەزرێ یان متمانەی پێ دەدرێ یان تەنسیب دەکرێ یان بە ژێر فەرمان دێت بۆ کاری وەزیفەیەك یان پۆستێك بۆ کاتێکی دیاری کراو، وەك سەرۆکی هەرێم وجێگرەکەی و سەرۆك وەزیران وجێگرەکەی و ئەندام پەرلەمان و پارێزگاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کەسانی تر.**

**حەوتەم: ڕاسپێردراوی خاوەن وەزیفەی هەمیشەیی: ئەم ڕاسپێردراوەیە لە وەزیفەیەك یان پۆستێکی فەرمی بەشێوەیەکی هەمیشەی کاردەکات بەبێ ئەوەی کارێکی بۆ دیاری بکرێت ئەنجامی بدات لە کاتێکی دیاری کراو وەك دادوەر وداواکاری گشتی وبریکاری وەزارەتەکان وبەڕێوەبەرە گشتیەکان و جێگرەکانیان، وە ئەفسەرو لێکۆڵەرەوەکان.**

**هەشتەم: منداڵە دواکەوتەکان: منداڵی ڕاسپێردراوانن کە ناکامن و هاوسەرگیریان نەکردووە یان هاوسەرگیریان کردووە بەڵام لەڕووی داراییەوە لە راسپێردراو جیانەبوونەتەوە.**

**نۆیەم: ڕاپۆرت: ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان.**

**دەیەم: یاسای دەستە: یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو.**

**مادده ( ٢ ):-**

هەرکەسێك لەم پۆستانەی خوارەوە بێت ڕاسپێردراوە بە ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان:-

**یەکەم:** سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

**دووەم:** سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و ئەندامانی.

**سێیەم:** سەرۆك وەزیرانی هەرێم وجێگرەکەی.

**چوارەم:** وەزیرەکان و ئەوانەی لەو پلەیەدان و بریکاری وەزارەتەکان و ئەوانەی لەو پلەیەدان لە هەرێم.

**پێنجەم:** سەرۆك و جێگر و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و لێکۆڵەرەوانی دەستە.

**شەشەم:** خاوەن پلە تایبەتەکان و بریکارەکانیان و یاریدەدەرەکانیان.

**حەوتەم:** بەڕێوەبەرە گشتیەکان و یاریدەدەرەکانیان.

**هەشتەم:** دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارانی دادی و لێکۆڵەرەوان.

**نۆیەم:** ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم وئاسایشی ناوخۆ لە پلەی مقەدەم بەرەوسەرەوە و ئەو ئەفسەرانەی ڕێگەپێدراون بەکاری لێکۆڵینەوە.

**دەیەم:** پارێزگاران و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان وئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان وقەزا وناحیەکان و سەرۆك شارەوانیەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیەکان.

**یازدەم:** هەرکەسێك لە پۆستێکی مەدەنی یان سەربازی بێت و دەستە بە پێویستی بزانێت پێشکەش کردنی راپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان بیگرێتەوە.

**مادده ( ٣ ):-**

ڕاسپێردراو - جا خاوەن وەزیفەیەکی هەمیشەیی بێت یان کاتی - (راپۆرتی یەکەم) لەسەر بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆی و هاوسەرەکەی و منداڵە دواکەوتەکانی پێشکەش دەکات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی یان هەڵبژاردنی یان دامەزراندنی یان گواستنەوەی یان چونی بە ژێر فەرمان یان گێڕانەوەی یان تەنسیب کردنی یان داوا لێکردنی بۆ یەکەم جار لەو پۆستانەی پێشکەش کردنی ڕاپۆرت دەیانگرێتەوە

**مادده ( ٤ ):-**

ڕاسپێردراوی خاوەن وەزیفەی هەمیشەیی هەر سێ ساڵ جارێك (ڕاپۆرتی خولی)، بەهۆی بەردەوامی لە پۆستەکەی یان وەزیفەکەی، دەربارەی ئەوگۆڕانکاریە نوێیانەی ڕوویانداوە لەماوەی ساڵانی دوای پێشکەشکردنی دوا راپۆرتی لەسەر بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆی یان بەرژەوەندییەکانی هاوسەرەکەی یان منداڵە دواکەوتەکانی پێشکەش دەکات.

**مادده ( ٥ ):-**

ڕاسپێردراو - خاوەن وەزیفەی هەمیشەیی بێت یان کاتی - (ڕاپۆرتی کۆتایی) لەسەر کۆتا گۆڕانکارییەکانی بەرژەوەندییە داراییەکانی لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە ڕێکەوتی پچڕانی پەیوەندی بە پۆستەکەی یان ئەو وەزیفەی پێشکەشکردنی ڕاپۆرت دەیگرێتەوە، پێشکەش دەکات.

**ماددەی ( ٦ ):-**

**یەکەم:-** راسپێردراو پابەند دەبێت بە دەستەبەر کردنی راپۆرتێك دەربارەی ئاشکراکردنی خاوەنداریەتیەکانی خۆی و هاوسەر و منداڵە دواکەوتەکانی لە نەگوێزراوەکان و گوێزراوەکان و داهاتی دارایی و ژمارەی حیساب لە بانکەکان و پشك و قەواڵە و مافی مەعنەوی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

**دووەم :-** سەرۆکی دەستە نموونە و شێوازی راپۆرتەکە و وردەکاری زانیارییە داواکراوەکان دیاری دەکات .

**ماددەی ( ٧ ):-**

راسپێردراو ( راپۆرتی یەکەم ) بە گوێرەی ئەو نموونەی سەرۆکی دەستە دیاری کردووە پردەکاتەوە، کە ئەم زانیاریانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

**یەکەم:** ناوی چوارین و نازناو وناوی سیانی دایك و شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا و ژمارەی تەلەفۆن و ئیمێڵ و ساڵی لەدایك بوون، وە پۆست یان وەزیفەکەیی و ئەو لایەنە فەرمییەی کاری تێدا دەکات.

**دووەم:** ناوی هاوسەر و منداڵەکان و خوشك و براکانی و ساڵی لەدایکبوونیان و ناونیشانیان و پیشەکانیان و شوێنی کارکردنیان.

**سێیەم:** ژمارە و رووبەرو و جۆر و رەگەزی نەگوێزراوەکان کە راسپێردراو خاوەنیەتی یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکانی، وە ناونیشانی شارەوانیەکەی، جا خاوەنداریەتیەکەی سەربەخۆ بێت بۆ راسپێردراو یان خاوەنداریەتی بە کۆمەڵ بێت، وە رێژەی خاوەنداریەتیەکەی تێیدا.

**چوارەم:** ژمارە و وەسفی ئۆتۆمۆبێلەکان و ئامێرەکان کە راسپێردراو خاوەنیەتی یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکانی، جا خاوەنداریەتیەکەی سەربەخۆ بێت بۆ راسپێردراو یان خاوەنداریەتی بە کۆمەڵ بێت، وە ئەندازەی خاوەنداریەتیەکەی تێیدا.

**پێنجەم:** ئەو پشك و قەواڵانەی راسپێردراو خاوەنیەتی یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکانی.

**شەشەم:** وەسف کردنی گوێزراوەکانی تر کە راسپێردراو خاوەنیەتی یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکان، ئەگەر بەهای هەریەکێکیان زیاتر بێت لە یەك ملیۆن دینار جا چ زێر یان خشڵ یان ئاژەڵ یان هەرشتێکی تر بێت.

**حەوتەم:** ماڵە مەعنەویەکان وەك مافی دانەر و مافی داهێنان.

**هەشتەم:** گرێبەستەکانی دڵنیایی بە هەموو جۆرەکانی.

**نۆیەم:** بڕی پارە جا ئەو پارەیە لە لای خۆی هەڵگیرا بێت یان لە بانك دانرابێت.

**دەیەم:** کەمکردنەوە نهێنیەکان و گرێبەستە حکومیەکان کە لە ماوەی - ساڵی رابردوو- لە ئەستۆی راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکانی یان لە ئەستۆی کۆمپانیایەکی ئەوانە یان یەکێك لەوانە بەشدارە یان هاوبەشە تیایدا یان بەرێوەبەری رێپێدراویەتی یان سەرۆکی کارگێریەکەیەتی یان ئەندامە تیایدا یان بریکاریەتی.

**یازدەم:** هەرداهاتێك زیاتر بێت لە یەك ملیۆن دینار یان هەرشتێکی تر بەهاکەی هاوتابێت، راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە مندالە دواکەوتەکانی بەدەستی هێنابێت لە کارێکی ناحکومی لە ماوەی سالی رابردوو.

**دوازدەم:** سەرجەمی مووچە و دەرمالەکان کە راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە مندالە دواکەوتەکانی لە کەرتی گشتی وەریدەگرێت.

**سێزدەم:** دیاری و بەخششەکان جا پارە بێت یان هەر شتێکی تر پێشکەشی راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە مندالە دواکەوتەکانی کرابێت – لەماوەی سالی رابردوو – لە لایەن هەرکەسێك یان دامەزراوەیەك یان کۆمپانیایەك یان رێکخراوێك یان هەر لایەنێکی تر کە بەهاکەی لە (٣٠٠) هەزار دینار زیاتر بێت، جگە لە دیاری و بەخششی خزمانی پلە یەك و دوو.

**چواردەم:** هەر قەرزێك لەسەر راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە مندالە دواکەوتەکانی زیاتر بێت لە یەك ملیۆن دینار.

**پازدەم:** ناو و وەسفی کۆمپانیا و دەزگا و کارگە و پرۆژە بازرگانیەکان کە راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە مندالە دواکەوتەکانی خاوەنیەتی، لەگەل بڕی پشك یان بەشی لە هەر یەك لەمانە.

**شازدەم:** ناو و وەسفی کۆمپانیا و دەزگا و کارگە و پرۆژە بازرگانیەکان راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە مندالە دواکەوتەکانی بەرێوەبەری رێپێدراویەتی یان سەرۆکی کارگێریەتی یان ئەندامە لە ئەنجومەنی کارگێری یان بریکاریەتی.

**ماددە (٨):-**

**یەکەم:** راپۆرتی خولی پڕدەکرێتەوە بەو گۆرانکاریانەی کە روویداوە لە بەرژەوەندیەکانی راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لە مندالە دواکەوتەکانی لە ماوەی سالانی دوای پێشکەشکردنی کۆتا راپۆرت، بە پێی ئەو نموونە و رێنماییانەی لەلایەن دەستەوە دانراوە.

**دووەم:** راپۆرتی کۆتایی پڕدەکرێتەوە بەو گۆرانکاریانەی کە روویداوە پاش دوایین راپۆرت کە راسپێردراو پێشکەشی کردووە لە بەرژەوەندی خۆی یان هاوسەرەکەی یان یەکێك لەمندالە دواکەوتەکانی.

**ماددە (٩):-**

**یەکەم:** راسپێردراو راپۆرتێك بە سەرجەم ئەو زانیاریانەی داواکراوە پڕدەکاتەوە بە رێنووسێکی روون یان بە ئامێری چاپ، وە دەکرێت لاپەرەی تر زیاد بکات بە پێی پێویست.

**دووەم:** راسپێردراو سەرجەم لاپەرەی راپۆرتەکە واژوو دەکات لەگەل بەروارەکەی و مۆرکردنی سەرجەم لاپەرەکان بە مۆری فەرمانگەکەی ، وە پێشکەشی دەستەی دەکات بەرامبەر پسوولەیەك.

**ماددە (١٠):-**

**یەکەم:-** دەستە ئەو راپۆرتانە دەگەرێنێتەوە کە واژوو نەکراوە یان بەشێکی واژوو نەکراوە بۆ واژوو کردنیان و دووبارە گەراندنەوەی بۆ دەستە.

**دووەم:** ئەگەر راسپێردراو نووسینی هەندێ زانیاری داواکراوی لە بیر کرد، دەستە بۆی هەیە بە نوسراوێك داوا لە راسپێردراو بکات بە نوسینی زانیاریەکان لە ماوەیەکی دیاری کراو.

**سێیەم:** دەستە داوای سزایی لە دژی ڕاسپێردراو دەجولێنێت لە کاتی نکۆڵی کردن لە زیادکردنی زانیاری داواکراو لەلایەن دەستە بە گوێرەی خاڵی (دووەم) لەم ماددەیە لەو ماوەی کە دەستە بۆی دیاری کردووە، دوای ئاگادارکردنەوەی بە پێشکەشکردنی زانیارییەکان و پێدانی ماوەیەکی تر بە نوسراو بە گوێرەی حکومەکانی پێ ڕاگەیاندن لە یاسای دادبینی شارستانی.

**مادده (١١):**

**یەکەم:** دەستە داوای سزایی دەجولێنێت لە دژی ڕاسپێردراو بەگوێرەی حوکمەکانی مادده نۆزده لە یاسای دەستە بەهۆی دواکەوتنی لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان بۆ ماوەیەك زیاتر بێت لە سێ مانگ لەو بەروارەی لە لایەن دەستەوە دیاری کراوە.

**دووەم:** ناتوانرێت داوای سزایی بجولێندرێت لە دژی دواکەوتوو لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان بە گوێرەی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە تەنها دوای ئاگادارکردنەوەی نەبێت بە نووسراوێکی فەرمی کە دەستە دەری دەکات، تیایدا داوای لێ دەکرێت بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە لە ماوەیەکی دیاری کراو،پێ ڕاگەیاندنیش بە پێی بنەماکانی پێ ڕاگەیاندن دەبێت لەیاسای دادبینی شارستانی

**مادده (١٢):-** دەستە داوای سزایی دەجولێنێت بە گوێرەی حوکمەکانی مادده ( ١٩ ) لە یاسای دەستە دژی هەر ڕاسپێردراوێك بەئەنقەست :-

**یەکەم:** زانیاری نادروستی کاریگەر لە ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان تۆماربکات.

**دووەم:** بەرژەوەندی یان موڵك و ماڵ کە خاوەندارییەتی بۆ خۆی یان بۆ هاوسەری یان منداڵە دواکەوتەکانی دەگەرێتەوە لە ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان نەنوسێت.

**مادده (١٣):-**

بەشی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان لە دەستە لە ڕاست و دروستی ئەو زانیاری و داتایانەی لە ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان تۆمارکراوە لەلایەن ڕاسپێردراوان دەکۆڵێتەوە، زانیاری کۆدەکاتەوە لەسەر موڵك و ماڵیان جا لە ناوخۆی عێراق بێت یان لە دەرەوە، بۆ دڵنیابوون لە هەر بیرچونێك لە نوسینی زانیارییەکان، وە چاودێریکردنی حالەتەکانی دژیەکی بەرژەوەندییەکان.

**مادده (١٤):-**

بەشی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان بە نووسراوێکی فەرمی ڕاسپێردراو ئاگاداردەکاتەوە بەو موڵك و سامان و بەرژەوەندییانەی کە نەینووسیوە لە ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان و داوای ڕاوبۆچوونیشی لێ دەکات.

**مادده (١٥):-**

بەشی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان وردبینی و بەراوردکردنی گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکان لە سامانی ڕاسپێردراو یان سامانی هاوسەرەکەی یان منداڵە دواکەوتەکانی دەکات ، وە تێبینی هەر زیادبوونێك دەکات لە کاتی وەرگرتنی پۆستێك یان وەزیفەیەکی گشتی یان ڕاسپاردەیەکی گشتی یان هەستان بە کارێك بە سیفەتێکی گشتی کە ناگونجێت لە گەڵ سەرچاوەی ڕەوای داهاتەکەی، وە دەتوانێت لەم بارەدا پرس بە کەسانی شارەزا بکات لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت.

**مادده ( ١٦ ):-**

دەستە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی موڵك و سامانی ئەو کەسانەی حوکمەکانی یاسای دەستە دەیانگرێتەوە دەکات، جا تۆمارکرابن بە ناوی خۆیان یان بە ناوی کەسانی تر، لە ژێر دەستی خۆی بێت یان لە ژێر دەستی کەسانی تر بە هۆی گەڕانەوەی خاوەندارییەتیەکەی بۆی.

**مادده ( ١٧ ):-**

ئەگەر دەرکەوت بۆ بەشی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان زیادەیەکی گەورە هەیە لە سامانی راسپێردراو یان هاوسەرەکەی یان منداڵە دواکەوتەکانی کە گونجاو نیە لەگەڵ داهاتی رەوای خۆیان، یان بەدەست هێنانی ناڕەوا بدرێتە پاڵ یەکێك لەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، دەبێت راستەوخۆ سەرجەم زانیارییە بەراییەکان و دۆکیۆمێنت و بەڵگەکان بدات بە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان لە دەستە بۆجوڵاندنی داوای بەدەست هێنانی ناڕەوا دژی تۆمەتبار بە بەدەست هێنانی ناڕەوا لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند.

**مادده ( ١٨ ):-**

فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت بە هاوکاری لەگەڵ فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان پشکنین و گەڕان بە دوای سامانی تۆمەتبار بە بەدەست هێنانی ناڕەوا و سامانی هاوسەرەکەی و منداڵە دواکەوتەکانی ئەنجامدەدات بە مەبەستی دانانی گلدانەوەی یەدەگی یان بۆ گەڕاندنەوەی بە دەست هێنانە ناڕەواکە بە گوێرەی رێژەی سوود وەرگرتنی هەر یەکێکیان.

**مادده ( ١٩ ):-**

دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی ئەو کەسانەی بە تاوانی گەندەڵی حوکم دراون بلاویکاتەوە، وە رێگە بە جەماوەرو ڕاگەیاندنەکان بدات بیبینن یان کۆپی بکەن.

**مادده ( ٢٠ ):-**

فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت سەرجەم زانیاری و دۆکیۆمێنت و ژمارە و ڕاستییەکان دەربارەی ڕێککارەکانی بەدەست هێنانی ناڕەوا و دەرخستنی ئەستۆی دارایی، و دژیەکی بەرژەوندییەکان کۆ دەکاتەوە ، وە شیکردنەوەیان بۆ دەکات، وە هەموو ساڵێك ڕاپۆرتێك بە زانیاری و ڕاستییەکان دەردەکات و بلاوی دەکاتەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان و جەماوەر.

**مادده ( ٢١ ):-**

ڕێنماییەکانی بەدەست هێنای ناڕەوا ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ هەڵدەوەشێتەوە ، کە لە لایەن دەستە دەرکراوە.

**مادده ( ٢٢ ):-**

ئەم ڕێنماییە بەرکار دەبێت لە بەرواری بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**د. أحمد انور محمد**

**سەرۆکی دەستە دەسپاکی هەرێمی کوردستان**